کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:02 6-10-2007

**شەراب لە لێوەکانی دەتکێت ... ئارام حەمە**

( (پێشکەشە بەو خانمەی لەهەناسەکانیدا عەشق دەبریسکێتەوە) ) ...
(نامەی یەکەم) .............



تۆو سەفەرم بەیەکدیەوە گری داوە
دەڕۆم و لە سێبەری شەوەزەنگدا ختوکەی خەمەکانم دەدەم
ئەو خەمانەی لە مانگەشەودا بەرز بەرز باڵدەگرن و دەفڕن
لە تینوێتی جەنگەگە گەورەکاندا بە شەرابی لێوەکانی لێوم دەشۆم
دەستەکانم بە ئاگری جەهەنەم گەرم دەکەمەوە
من مجردم لە تەریقبوونەوەم لەبەر دەم ئاوینەکانی وجوددا
خۆم بە تەنافەکانی ئەبەدییەتەوە هەڵدەواسم و
لە گەڵا ڕەشەکانیش رادەمینم
لە بەفر رادەمێنم تا پەنجەکانم ماچ بکات
لە وڵاتی گوڵ رادەمینم
لە چاوەروانی هاتنەوەی تۆدا نوێژ دەکەم
بۆ شێرەبەفرینەکانی ئەوی
کە بە چاوی بەزەییەوە بۆم دەڕوانن
نیگایەك
وەك نیگای خودا جوانە
پر لە تەلیسمی بوژانەوەی گوڵەکانە
ئیدی بەرگەی شالاوی بەفر و سەرمای لەرادەبەدەری عەشقت ناگرم
تەسلیم دەبم و جلی سپیت بۆ دەپۆشم
وەکو تریفەی بەیانی هاتیتە ناو باڵکۆنەکانی خەیاڵمەوە
بە شەرابی لێوەکانت ئاوی گوڵەکانی بەرائەتت دام
بە دەزولکەی پرچی ڕەشی خاوتەوە دەنك دەنك مرواری
ناو سەدەفەکانی دەریام هەڵواسی
لەنێو زەردەخەنە وەنەوشەییەکانتدا تەریق بونەوەم دەنۆشی
من لە نێو عەشقتدا دەجەنگم
بە پیانۆ نۆتەکانی غوربەتت دەژەنم
لەدوری تۆ فرمیسك لەسەر سنگم دەخەوێت
هەموو ڕۆژێك بە دەنوکی نەورەسەکانی ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا
نامەیەکت بۆ دەنێرم
پڕ لە ژان و گریان و خەم
پڕ لە لاوانەوەی گوڵە بێنازەکانی عەشقم
من دەترسم لە جیابونەوەی گەڵاکان
لە درەخت
لە کوژانەوەی چرای شەوان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:02 6-10-2007

لە تاریکی و دورە دەستیم لە پەنجە شمشاڵییەکانی تۆ
من زۆر تەنهام تەنهاتر لە مانگەشەو
تەنهاتر لە پەڕندەیەکی لانەواز
بەبیرم دێت ئەو ڕۆژەی کەتۆم ناسی
تەزویەکی ئاوریشمی سەراپای جەستەی داپۆشیم
چەند دڵۆپێکیش لە فرمێسك لە چاوانم کەوتنە خوار
ڕیزیان بەستبوو بە دوای یەکدا وەکو چراو گڵۆپی شار
من چاوەڕێی هاتنەوەتم بۆ وڵاتی عەشق و وەفا
بۆ ئامێزی وڵاتی دایك بۆ ژوانە یاقوتیەکان
کەی دێیتەوە
من لە دوری تۆدا دەمرم
ناسینی تۆ ڕۆمانێکی نوی دەنوسی
دەوەرەوە بۆ ولاتەکەی نالی و حەبیبە
نەت بیستوە:
(خوایە وەتەن ئاوا کەی چەند دڵ گیر و شیرینە
دەشتی خۆش و ڕەنگینە ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە
پڕلە گوڵ و نەسرینە)
کی هێندەی من تۆی خۆش دەوێت دە پێم بڵێ
کی هێندەی من بۆت دەسوتێ
هەروەکو مۆم ڕۆژبە ڕۆژ بۆت دەتویمەوە و لە روناکیم
شێعری نوی لە دایك دەبێت
هەموو ڕۆژێك لەسەر پەرەی گەڵاکان ووشە ووشە چامەیەکت بۆ دەنوسم
بە تاڵێك لە قژی خاوت ملوانکەیەکیان بۆ دەچنم
هەڵی دەگرم
هەڵی دەگرم
بەبۆنی عەتری ڕۆحیشم ئاویان دەدەم
تادێیتەوە
ئەوسا دێم و وەکو دیاری لەگەردنی ئەتۆی دەنێم

aramhama@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.